ستراتیژی "تشکیلاتی" حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
بەشی 8

# حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و "تەشکیلات"

دوکتور قاسملو لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنووسێ:

"ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە تا ئیستا چەند قۆناغی بەسەردا هاتوە. یەکەمین قۆناغی ڕێبەرایەتیی ئێمە لە زەمانی کۆماری کوردستان دایە. لەو سەردەمەدا ئوسوولێکی ئەوتۆ کە ئێستا ئێمە هەمانە بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرایەتی نەبووە و ئێمە بە دروستی هەتا ئێستاش ناتوانین دیاری بکەین کە ئایا ئەو ڕێبەرایەتییە لە کۆنگرەی حزبدا هەڵبژێردراوە؟ یان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی دا؟ کە پاش چەند مانگێکیش بۆتە ڕێبەرایەتی کۆماری کوردستان. دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ئەگەر پێشەوا قازی و یەک دوو کەسی دیکە (ئەوانیش فاسیلەیان زۆر بووە لە گەڵ پێشەوا قازی) لەو لا دابنێین ئەوەی کە وەک ڕێبەرایەتی ئەو وەختە هەبوو، بە هیچ شێوەیەک نە ئامادەیی سیاسی هەبوو بۆ ئەو کارە، نە تەجروبەو تاقی کردنەوەی پێشوو، نە تەنانەت بیروباوەڕێکی قووڵی وەک ڕێبەرایەتیی جووڵانەوە. چونکە لە چەند مانگان یان ئەو پەڕەکەی لە ماوەی یەک ساڵدا ئەوانە لە پێشدا وەک ڕێبەر دیاری کران، لە پاشان بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بوون بە وەزیر و کاربەدەست. بێ ئەوەی کە پێشتر ئامادەییان هەبێ بۆ ئەم کارە. ئەم راستییە لە پاش تێکشکانی کۆمار دەرکەوت."[دووبارەکردنەوە لە بابەتی هەفتەی رابووردوو]

هەر وەک لەو قسانەش ڕا دەردەکەوێ، بەڵگەنامە لە بەر دەستدا نییە، نەبوونی بەڵگەنامەش نیشانەیەکە لە نوقسانی تەشکیلات، ئەگەر بوونی هەبووبێت. بۆ دوکتور قاسملوش کە سەرۆک و بنیادنەرەوەی ئەو حزبە، پاش ساڵی 1970 بووە ، ڕوونە نییە کە ئایا کۆنگرەیەک رابەرایەتی ئەو حزبەی هەڵبژاردووە، کۆمیتەی ناوەندییەک لە سەردەمی کۆماردا هەبووە. چارتی تەشکیلاتی و فۆرمێک لە تەشکیلات هەبووە! تەنانەت نازانرێ ئەندامانی رابەرایەتی حزب کێ بوون.

ئەوەی لە سەر دەمی کۆماردا پرنسیپەکانی حزب و حکومەت چۆن بووە، دوکتور قاسملو دەنووسێ:

"یەکێک لە ئەفسەرەکان کە دیهەوێ بچیتەوە گوندی خۆی و یەک ئەستێرەی بە سەر شانەوە بوو، چووبووە لای پێشەواو گوتبووی: ئەوە عەیبە بۆ من بە یەک ئەستێرەوە بچمەوە. پێشەواش دیارە بە شێوەی خۆی زۆر ژیرانە حەلی کردبوو گوتبووی: باشەمن ئەستێرەی زیادیت دەدەمێ، بەڵام ئەگەر هاتییەوە دەبێ ئەو ئەستێرە ئەمانەتییانە بدەیەوە و هەر یەک ئەستێرەت هەبێ!... هەر لەو نموونانە زێڕۆبەگ بۆ خۆی، خۆی کردبوو بە مارشاڵ، بە ژێنڕاڵیش رازی نەبوو!... حەمەڕەشید خانیش ژنڕاڵ بوو!

بەڵام جەریانی دووهەم کە پاش کۆمار بە تایبەت دەستی پێکردبوو لە زەمانی "موسەدق" و پاش "موسەدق"یش زۆر بەرچاو بوو، جەریانی توودەیی بوو. چونکە ئەو تەشکیلاتە کە زیندوو کرایەوە لە ڕاستیدا بە یارمەتی حیزبی توودە بوو. حیزبی توودە هەرچەند یارمەتی دابوو، حیزبی دێموکرات زیندوو بێتەوە، بەڵام بە کردەوە هەر ناوەکەی حیزبی دێموکرات بوو، تەواوی خەتی سیاسی و ڕێبازەکەی و هەتا دەستووری تەشکیلاتی، هەموو لە تارانەوە لە لای حیزبی توودەڕا بۆی دەهات!

ئەمە ببوو بە هۆی ئەوە کە حیزبی توودە شێوەی کارکردنی خۆشی بهێنێ کە دیارە فەرقی هەبوو لە گەڵ شێوەی کارکردنی عەشیرەتی. نهێنی کاری و فێربوونی ئوسووڵی کاری نهێنی، پێکهێنانی شانە، پێکهێنانی کۆمیتە و بە گشتی پێکهاتنی تەشکیلات هەموو لە حیزبی توودەدا هاتە نێو حیزبی دێموکرات.

کۆمیتەی مەهاباد کە پێک هات(کە پاش کودتای 28 ی مورداد بوو بە کۆمیتەی کوردستان و ئەو وەختە لە هاوڕێیانی سنە ڕەحمەتی شەریعەتیش لە کۆمیتەدا بەشدار بوو) شیوەی بەڕێوەچوونی بەم جۆرە بوو کە لە تاران کۆمیسیۆنێک پێک هاتبوو بە ناوی"کاک" (یانی کۆمسیۆنی ئازەربایجانی کوردستان). لەو کۆمیسیۆنەدا نوێنەری ئازەربایجانی تێدا بوو کە دیارە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی توودە دیاریی کردبوو و نوینەری کوردستانیشی تێدابوو کە ئەویش حیزبی توودە دیاریی کردبوو ئەو وەختە"کاک سارم سادق وەزیری" بوو.

کۆمیتەی"کاک" کاری ئەوە بوو کە دەستووراتی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی توودەی بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات ڕادەگەیاند بۆ جێبەجێکردن. یارمەتی ماڵیشی دەدا، هەرچەند زۆر کەم بوو بە نیسبەت ئەو یارمەتییەی کە دەدرا بە ئازەربایجان و بە نیسبەت ئەو داهاتەی کە حیزبی توودە ئەو وەختە هەیبوو. دوای 28 ی مورداد ئەم یارمەتییەش درا کە لە چاپخانەی تەورێز ڕۆژنامەی "کوردستان" چاپ ببێ کە هەتا 5 ژمارە لەو ڕۆژنامەیە چاپ بوو. بەڵام بە هەر حاڵ یارمەتییەکە کەم بوو ئەوە دەگەیێنێ کە بە داخەوە حیزبی توودە پێش 28 ی مورداد ئەهەمیەتێکی ئەوتۆی نەدەدا بە مەسەلەی کوردستان. ئەو هەموو ئیمکاناتە لە زەمانی "موسەدق"دا هەبوو، بەڵام هیچ ڕۆژنامەیەک یان بڵاوکراوەیەکی کوردی دەرنەدەچوو."

قسەکانی غەنی بلوریان کە پێشتر باسکرا و قسەکانی عەبدولرەحمان قاسملو ئەوە دەسەلمێنن کە حزبی دێموکرات لە دەورەی دەووهەمی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی خۆیدا، واتە لە سەردەمی موسەدق، حزبێکی سەربەخۆ نەبووە و ڕۆژنامە

و ئۆرگانەکانی حزبی توودەیان بڵاوکردۆتەوە وبۆ خۆیان هیچ ئۆرگانێکیان نەبووە، بلوریان تەنانەت دەڵێ ئێمە ئیعلامیەشمان بەناوی خۆمان نەبووە.
بە پێی وتەکانی دوکتور قاسملو، کە لە باری تەشکیلاتیەوە جێگای سەرنجە، لە سەردەمی کۆماردا، زەوابیت و دیسپلینی حزبی و حکومەتی هەر بەشێوەی خۆماڵی مامەڵەی لە گەڵ کراوە، کە قاسملو بە عەشیرەیی ناو دەبا. جێگای بیرلێکردنەوەیە کە بپرسین سیستمی حکومەتی و بونیاتی وەزارەتخانەکان و شێوەی ئیداری و تەشکیلاتی دەوڵەتی کوردستان چوون بووە؟
ئەگەر ئەویش ڕەنگدانەوەی سیستم و تەشکیلاتی حزبی دێموکرات بووبێت، ئەوە بۆچوونەکەی دوکتور قاسملو لە جێی خۆیدایە، کاتیک باس لە سیستمی فکری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی عەشیرەیی دەکات، کە دەبێ کارتێکردنی جیددی لە سەر حکومەت و دەزگاکانی هەبووبێت.
ئەوەش روون نییە کە لە یەکەمین کۆنگرەی حزبی دێموکراتدا باس لە چ چەشنە تەشکیلاتیک کراوە و ستراتێژی تەشکیلاتیان چی بووە و ئەو کۆمیتانەی کە لە شارەکان پێکیان هێناون چۆن بوون. ئەوەش کە پاش گرتنی قازییەکان و خەڵکی دیکە پاشماوەی حزبی دێموکرات چییان کردوە روون نییە، هەر وەها دیار نییە کە ئایا لە کاتی لە سێدارەدانی قازییەکان، کەسانێك هەبوون کە بە ناوی حزبی دێموکراتەوە کارێک بکەن. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەش هیچ بەڵگەنامەیەکی حزبی لە گۆڕێ دانییە، ناشزانرێ کە ئایا حزبی دێموکرات بە گرتنی قازییەکان لەو دەورەیەدا کۆتایی بە ژیانی سیاسی هاتووە یان نا؟
پاش ڕوودانی ئەو کارەساتەی کە بوو بە هۆی تێکچوونی کۆماری کوردستان، حزبی دێموکرات لە سەر دەستی غەنی بلوریان و هاوڕێکانی ساخ دەکرێتەوە، بەڵام دەکەوێتە ژێر ڕکێفی سیستەمی سیاسی و تەشکیلاتی حزبی توودەی ئێران.
پاش تێکشکانی حزبی توودە و موسەدق ئەو تەشکیلاتەش هەڵدەوەشێتەوە و لێرە بە دوواوە چارەنووسی حزبی دێموکراتی کوردستان لە "کوردستانی عێراق" دیاری دەکرێ. دیسان قاسملو دەڵێ:

> "بە کورتی ئەو ڕێبەرایەتییە هەتا ساڵی 1334 بە ناوی"کۆمیتەی کوردستان" فەعالییەتی هەبوو. بەرە بەرە وەزعیی داخلیی حیزبی توودە تێک چوو، ئەفسەرەکان گیران و زۆر کەس ئیعدام کرا. دەرکەوت حیزبی توودە"پولیس زەدە" بووە، بۆیە ئێمە ئەو دەم کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا کە لەوانەی ئێستا لەم جەمعەدا هەن کاک عەبدوڵڵا عیزەت پوور و ئەمن تێیدا بەشدار بووین. ئەو کۆبوونەوەیە کە پاشان ناومان نا" کۆنفرانسی یەکەمی حیزب" لە گوندی"کەوتەر"ی مەنگوڕانی مەهاباد بە نهێنی پێک هات. لەوێدا ئێمە بڕیارمان دا لە گەڵ حیزبی توودە قەتعی ڕابیتەی تەشکیلاتی بکەین و حیزبی دێموکرات بۆخۆی سەربەخۆ فەعالییەتی خۆی بکا. چونکە هەم نەزەرمان ئەوە بوو حزبی توودە لە سەر مەسەلەی"موسەدق" و هەم لە سەر کودیتای 28ی مورداد چەوت ڕۆیشتوە، هەم نەزەرمان ئەوە بوو کە پۆلیس زەدە بووە و هەر تەماسێک لە گەڵ حیزبی توودە لە تاران بگرین، نەتیجەی ئەوە دەبێ گیری پۆلیس بکەوین. ئەوە بوو کە قەتعی ڕابیتەمان کرد. لەو وەختەوە ئیعلانمان کرد کە حیزبی دێموکرات خۆی سەربەخۆ فەعالییەت دەکا. بەشدارانی کۆنفرانسی یەکەم ئەوەی لە بیرم بێ غەیری خۆم و کاک عەبدوڵڵا عیزەت پوور، بریتی بوون لە : عەزیز یوسفی، عەبدوڵڵا ئیسحاقی، ئەسعەد خودایاری، هاشم ئەقڵ تولڵاب(قادر شەریف)، پێم وایە هەموومان حەوت هەشت کەس زیاتر نەبووین. کەوابوو لە واقیعدا و لەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر بە ناو مابوو، دەنا هەموو سیاسەتەکەی لە لایەن بارزانییەوە دیاری دەکرا. هەتا بەیانی 11ی ئازاری ساڵی 1970 لە عیراق کە من هاتمە عێراق لە گەڵ چەند کەسێک لە برادەرانی دیکە کۆنفرانسی سێهەمی حیزبمان پێک هێنا."[1]

نوکتەیەکی گرنگ ئەوەیە کە ئەگەر حزبی دێموکرات لە ساڵانی 1330 هەتا 1334[1951-1955] لە ڕێگای حزبی توودەوە سەربەخۆیی خۆی لە دەست دابوو، ئەوە دیسان بە قسەی قاسملو لە عێراقیش ئەو سەربەخۆییە لە ڕێگای بارزانییەوە هەتا ساڵی 1970لە دەست چووبوو.
دەبێ ئەوەش بگوترێ کە لە ساڵی 1947وە هەتا تێکشکانی حزبی توودە، حزبی دێموکرات بە ڕابەرایەتی غەنی بلوریان، خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی نەبووە، هەموو ئەو چالاکییانەش کە لەو ماوەدا کراوە، وەک خۆپیشاندانی یەکی ئەیار و هەڵبژاردنی دەورەی حەفدەهەم و ڕفراندۆمی دەورەی موسەدق، هەمووی لە ژێر بەرنامە و پرۆگرامی تەبلیغاتی حزبی توودەدا بووە و لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا نابینین کە حزبی دێموکرات باسی لە مەسەلەی نەتەوایەتی یان خواستەکانی خەڵکی کورد کردبێت.
لەو دەورەیەشدا کە دوکتور قاسملو باس لە بوونی سیاسەتی بارزانی لە ناو حزبی دێموکراتدا دەکات، دەیەوێ ئەوە ئیسبات بکات کە لێرەش حزبی دێموکرات خاوەنی بەرنامەی سیاسی خۆی نەبووە.
لەوە دەچێت هەر لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، بەرپرسانی حزبی دێموکرات دووچاری پراگماتیسمێکی دوور لە بەرنامە بووبن، ئەوەش هەتا سەردەمی دروستکردنی کۆمیتەی ئینقلابی لە لایەن سمایل شەریفزادە و عەبدوڵای موعینی یەوە درێژەی پەیدا کردوە. قاسملو لە درێژەی نووسراوەکەیدا دەنووسێ:

---

[1] - هەر لەو سەردەمەدا ساڵی 1334(1955) لە تاران بە سەرپەرستی غەنی بلوریان کۆبوونەوەیەک ساز دەکرێ بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لە گەڵ حزبی توودە و کارکردنی دووبارە. هەروەها ساڵانی دواتر کۆبوونەوەی لەو چەشنە لە مەنتەقەی مەنگوڕایەتی دیسان بە سەرپەرستی غەنی بلوریان پێک دێت، کە هیچیان لە نووسراوەکەی دوکتور قاسملودا ڕەنگی نەداوەتەوە. سەرجەمی باسەکانی غەنی بلوریان لە ساڵی 1948 هەتا 1989 لە کتێبی سەدەی کارەساتدا هاتووە.

"لە ڕاستی دا جووڵانەوەی ساڵەکانی 46- 47 ببوو بە هۆی ئەوە کە باشترین ئەندامانی حیزب شەهید بن. زۆر لەوانە کە ئیمکانی ئەوەیان هەبوو بەڕێوەبەرایەتیی ئەو حیزبە بە دەستەوە بگرن، وەک: مەلا ئاوارە، موعیینی و سمایلی شەریف زادە نەمابوون. لە نەتیجەدا ساڵی 1348 [1969]ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات لە کوردستان[مەبەست کوردستانی عێراقە، دەنا لە ڕۆژهەڵات لەو سەردەمەدا هیچ تەشکیلاتێك بە ناوی حزبی دێموکرات بوونی نەبووە] مابوونەوە بریتی بوون لە : کاک **ئەمیری قازی**، مامۆستا **عەبدوڵلا حەسەن زادە، هێمنی شاعیر** و **حەسەن رەستگار**. ئەو چوارە وەک باڵی ناسیۆنالیستی لە حیزبدا دەهاتنە بەرچاو. لە لایەکی دیکەشەوە، **محەممەد ئەمین سێراجی** کە ساڵی 47 هاتبوو، مابوەوە و **یۆسف ڕێزوانی** کە ئەندامێکی کۆنی حیزب بوو ئەویش لە بەغدا کاسبی دەکرد. ئەم دوانەش لەو بە ئیستلاح باڵی چەپ و پێشکەوتنخوازی حیزب بوون."

قسەکانی دوکتور قاسملو ئەوە دەسەلمینن کە حزبی دێموکرات لەوبەری سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە "کوردستان عێراق" تەشکیلاتێکی ڕێک و پێکی نەبووە و زیاتر لەوە لە باری سیاسی و فکرییشەوە کۆمیتەیەکی ناوەندی یەک دەستی نەبووە. ئەو لە لێکۆلینەوەکەی خویدا کە لە لایەن حزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە دەنووسێ:

"**ئێمە کە ویستمان حیزب وەکار بخەینەوە لە ڕاستیدا تەشکیلاتێک لە گۆڕێدا نەبوو**. بەرنامە و پێڕەوی نیوخۆ نەبوو. ئەو شتەی"کۆنگرە"ی دووهەم پەسندی کردبوو نەک هەر ئێمە، بەڵکوو تەنانەت بەشدارانی کونگرەی دووهەمیش پێی ڕازی نەبوون. **ڕێبەرایەتیش نەبوو**. بە کورتی دەبوایە لە سیفرەوە دەست پێبکەین. یەکەم شت کە من پێشنیارم کرد ئەوە بوو کە: ئێمە لە پێش دا بەرنامە و پەیڕەوی نیوخۆ دابنین هەتا بزانین لە باری سیاسییەوە نەزەرمان یەکە؟ پاشان ماوەیەک لە ژێر سێبەری ئەو بەرنامەیەدا تێبکۆشین. دوای ئەوە پاشماوەی تێکۆشەرانی حیزبی هەرچی هەیە، لە ئێران و عێراق ئەوانەی کە دەستمان کەوێ، کۆبکەینەوە و کۆنفرانسێک پێک بێنین کە لەوێدا هەڵبژاردنێک بکەین و مەشروعیەتێک بدەین بە بەڕێوەبەریەکە. لە جەریانی ئەم **زیندووکردنەوەی** حیزبدا دانانی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب درا بە من و سێ مانگیان وەخت دا بە من کە تەرحێکی بەرنامە و پێرەو پێشنیار بکەم کە قسەی لە سەر بکەین.

یەکێک لە هۆ گرنگەکانی جێ گیر نەبوونی سیستمێکی تەشکیلاتی لە ناو حزبی دێموکرات بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستان لە ساڵانی پاش 1334[1955] ڕەنگە ئەوە بووبێت،کە جیاوازی بیر وفکری سیاسی بووتە کێشەی لایەنەکان و هۆی دروست بوونی "محفلی" دوور لە ئەساسنامە و پەیڕەوی ناوخۆ. بۆ وێنە هەر لەو پێوەندییەدا یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی چاوەدێری حزبی دێموکرات هەڵبژاردەی کۆنگرەی دووهەمی حزبی دێموکرات کە لە سەردەمی جوڵانەوەی جوتیاران و خەڵکی شاری بۆکان، یەکێک لە بەرپرسانی کۆمیتەی بۆکانی حزبی دێموکرات بووە، بە ناوی میرزا رەئوف، لە گفت و گۆ لە گەڵ نووسەر س. ئیسماعیل زادە دا، ئاوا باسی ساڵی 1963 هەتا 1970 و کۆنگرەی 2ی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات:

" ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردەی کۆنگرەی دووی حزبی دێموکرات کە لە ساڵی 1963 لە بناری قەندیل گیرا ئەو کەسانە بوون:

ریبسی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئیتفاقی ئارا ژنرال پێشەوا بارزانی.

سکرێتری حزب ئەحمەد تەوفیق. مامۆستا هەژار (عەبدولرەحمان شەرەفکەندی)، مەلا رەشید عەبدوڵا، نحۆ پاشا، باپیر شکاک، سەدیق ئەنجیری، مەلا رەحیم، سولەیمان موعینی، عەزیزی یۆسفی، دوکتور مەولەوی غەنی بلوریان(هەرچەند لە زیندان بوو)، سارەمەدین سادق وەزیری، دوکتور شەریعەتی، حەبیب مورزێ(ناوی چاک نابیستری)، سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)، سەننار مامەدی، ئەمیر قازی، رەحیم سالار.

ئەندامانی کۆمیتەی چاودێری ئەو کەسانە بوون: رئوف مەلا حەسەن، دوکتور عەبدوڵا مەولەوی، مستەفا ئیسحاقی، سەید تاهیر ئیمامی، حسین حاجی، مەلا کەریم سارده کوێستانی(راوچی)، حەمە رەشید عەبدوڵا مەلا قادر لاچینی، سەید رەسوڵ بابی گەورە، مەلا جەلال، عەبدوڵا موعینی."

میرزا رەئوف لە درێژەی قسەکانیدا کە لە سەر کاسێت تۆمار کراوە دەڵێ:

"لە ساڵی 1963 بەو لاوە کۆمۆنیستی وای کردبوو هەر کەس دەهات کۆمۆنیست بوو، منیش حەزم لەوە نەبوو، ئینسانێکی نەتەوەیی بووم، ئینسانێکی قەومی بووم. ، من موراجعەم بە بارزانی کرد، بارزانی فەرمووی تۆ موعتەمەدی منی هەر دەبێت بمێنێ لە حزبی دێموکراتی کوردستاندا. من تا ساڵی 70 بەشداریم لە گەڵ کردن. ساڵی 70 کۆنفرانسێک گیرا رەحمانی قاسملو لە کۆیە کردی، بە پارەی بارزانیش گرتی، بەڵام هەر لێرەدا لە گەڵ بارزانی نەبوو. من کە رۆیشتم لە سەر نامەی ئەمیر قازی و لە سەر نامەی سەید رەسوڵی بابی گەورە داوایان لێکردم لەوێدا بەشداری بکەم. کە رۆیشتم لە گەڵ قاسملو نەگونجاین بە یەکەوە. حەتتا داوایان لێکردم خۆم بنووسم بۆ کۆمیتەی ناوەندی، کوتم من حەزم لە سیاسەت نەماوە نایکەم. لەو کاتەوە خۆم لێیان کێشایەوە."

دوکتور لە ساڵی 1969 -1970 باس لە زیندووکردنەوەی حزب دەکات، حزبێک کە بە باوەڕی ئەو نەماوە، حزبێک کە بەرنامە و ئەساسنامەی نییە. دوکتور قاسملو 25 ساڵ پاش دامەزراندنی حزب و 23 ساڵ پاش رووخانی کۆماری کوردستان و22 ساڵ پاش زیندووکردنەوەی حزب لە ساڵی 1947 لە لایەن غەنی بلوریانەوە، بەرنامە و ئەساسنامە بۆ حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنووسێ.

بە مانایەکی ڕوونتر دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک پاش دروست بوونی حزبی دێموکرات، ئەو حزبە دەبێتە خاوەنی بەرنامەی سیاسی و ئەساسنامەی نووسراو. واتە فکری ڕێکخستن و بەکارهێنانی سیستمی ڕێکخراوەیی لەو سەردەمەدا بەو شێوەیە دەهێندرێتە ناو حزب، حزبێک کە لە دەرەوەی کوردستان ساخ دەکرێتەوە.
دوکتور قاسملو بە پێچەوانەی ساڵی 1330[1951] کە موجری بەڕێوەبردنی بەرنامەی حزبی توودە لە ناو حزبی دێموکراتدا بوو، بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامێک بۆ حزب دادەڕێژێ کە نە بەرنامە و پرۆگرامی سەردەمی قازی محەممەد بووە و نە بەرنامەی سەردەمی غەنی بلوریان و نە بەرنامەی سەردەمی ئەحمەد تەوفیق.
دوکتور قاسملو ئەو ئەرکەی کە پێی ئەسپێردرابوو بە جێ دەگەیێنێ و بە پێی فکر و بۆچوونی خۆی بەرنامە و پەێرەوی ناو خۆ بۆ "حزبی تازە تەئسیس" کە ناوی حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە سەر بووە، ئامادە دەکات و دەنووسی:

"هەر لە جەرەیانی ئەم تێکۆشانە تازەیەدا بڕیارمان دا هەموو کارێک بکەین بۆ وەی لەمەوبەدووا وەک **حیزبێکی سەربەخۆ** بین و ئەو سەربەخۆییەی دەستەبەر بکەین. لە پاشان ئوسوولێکی نێوخۆی تەشکیلاتی دابمەزرێنین کە **هەم دژی ئەو سانترالیزمە بووراکراتیکەی زەمانی حیزبی توودە بێ** و **هەم دژی شێوەی عەشایری بارزانی** کە دایمەزراندبوو. لە عەینی وەختیشدا پێویست **بوو لە باری فکرییەوە دەگەڵ دوو جەریان خەباتێکی بەڕاستی توند بکرێ**" یەکەمیان ئەو جەریانە بوو کە ناوی دابنین "**بارزانیسم**" لە هەموو بارێکەوە. نوێنەری ئەم جەریانە ئەمیری قازی بوو. ئەمیری قازی هەتا ئەو وەختە کە هاتین لە بەغدا دانیشتین، بێ ئیجازە و نەزەری مەلا مستەفا بارزانی ئاوی نەدەخواردەوە. هەر کارێک دەمانهەویست بیکەین دەیگوت دەبێ بچین ئیجازە لە مەلا مستەفا وەرگرین. **خەتی دیکە"توودەئیسم" بوو** کە کەریمی حیسامیش کە هاتبۆوە، نوێنەری ئەو خەتە بوو. توودەییەکان دیارە دەروێش سیفەت بوون نیسبەت بە یەکیەتی سۆڤیەتی. محەمەد ئەمین سێراجی ئەودەم لە ڕێگای هێندێ کەسەوە وەک کوورش لاشایی و ئەوان کە **مائۆئیست** بوو هاتبوونە کوردستان فەعالییەتیان کردبوو زیاتر مائۆئیست بوو. لەو دەمەدا مائۆئیست زۆر پەرەی گرتبووە.

ئەو قسانە ستراتیژی سیاسی و تەشکیلاتی دڵخوازی دوکتور قاسملو نیشان دەدەن. ئەو هەم تەشکیلاتێکی تازەی دەویست و هەمیش دەیویست دژی خەتی بارزانیسم کە بە عیشیرەیی ناوی دەبا و دژی توودەیسم و هەمیش دژی لایەنگرانی مائۆئیسم، خەبات بکات. ئەو سوور بووە لە سەر خەباتی فکری و سیاسی لە ناو حزبدا، هەروەها ئەو ستراتێژی تەشکیلاتی خۆی و موبارزەی ناو تەشکیلاتی خۆی دیاری کردبوو. ئاکامی ئەو مبارزە ساڵانی دوای 1979 دەردەکەویت، کاتیک کە هەر سێ خەتی **بارزانیسم و توودەییسم و مائۆئیست** لە حزبدا نامێنن. قاسملو لە درێژەی پێناسەکردنی حزبی تازەدا دەڵێ:

"یەک ئەرکی دیکە کە بۆ خۆمان دیاری کردبوو، **پێکهێنانی تەشکیلات لە نێوخۆی وڵاتدا بوو کە ڕاستی ئەوەیە لەوەدا سەرنەکەوتین.** یەک دوو نەفەرمان بۆ ئەو کارە دیاری کردبوو، یەک دوو نەفەریشمان لە نێوخۆی وڵات هەڵبژاردو لە پاشان وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دیاریمان کردن. <u>بەڵام ئیدی فەعالییەتێکی وامان پێ نەکرا، چونکە بارزانی بە هەموو هێزییەوەی پێشی پێ دەگرتین و نەیدەهێشت بە هیچ شێوەیەک فەعالییەتمان لە کوردستانی ئێراندا هەبێ."</u> [ئەمرۆش ئەو حوکمە بەڕێوە دەچێ]

قاسملو دەرکی بەوە کردبوو کە حزب بە بێ تەشکیلات لە ناوخۆی وڵات حزب نییە و زۆرتر کلوبی سیاسی ، سیاسی کارانە. ئەو حزبە لە سەرەکی ترین ئەرکی خۆیدا کە دروستکردنی تەشکیلات لە ناوخۆی وڵاتە، سەرکەوتوو نابێ و ئەو پرۆسەیە هەتا ڕووخانی ڕژیمی شا درێژە پەیدا دەکات.
دوکتور قاسملو لە  ساڵی 1970 بەر لە بەستنی کۆنفرانسی سێهەم بیری لە بونیاتی فکری و سیاسی و بەرنامە و تەشکیلاتی حزبی دێموکرات کردۆتەوە ، بەڵام بۆ بردنە پێشی پرۆژەکەی ئەو گرفتانەی خوارەوە لە سەر ڕێگاکەی هەبووە:
- بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆیەک لە گۆڕێدا نەبووە،
- ڕابەرایەتییەک لە گۆڕێدا نەبووە،
- تەشکیلاتێک لە گۆڕێ دا نەبووە،

جگە لەوانە ئەو لە گەڵ سێ جەریانی فکری و سیاسی ڕووبەڕوو بووە، کە خۆی لە بەرانبەریاندا دەبێنێ. لە حەینی کاتدا دوکتور قاسملو حزبێکی یەکگرتووی گەرەکە  و دەخوازێ تەشکیلات لە ناوخۆی وڵاتیش دروست بکات. هەمووی ئەوانە دەستووری کاری حزبێکە کە لە عەمەلدا وجوودی نییە و قاسملو لە ڕێگای کۆنفرانسی سێهەم و بەستنی کۆنگرە، ئەو **حزبە** پێک دەهێنێ. قاسملو ئاوا باسی حەولەکانی ئەو سەردەمە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەکات:

".........پاش هێندێک تێکۆشان لە ساڵی 1349دا [1970]بڕیارمان دا کۆنفرانسی سێهەمی حیزب پێک بێنین.
کۆنفرانسی سێهەم ساڵی 1350[1971] لە شاری ***"کۆیە"*** ی عێراق گیرا. لەو کۆنفرانسەدا کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، **بەرنامە و پێرەوی نێوخۆ پەسند کرا کە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو.** ژمارەی بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە سی و چەند نەفەرێک دەبووین. دوای هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، دەستمان کرد بە هێندێک تێکۆشان کە پێوەندی گرتن دەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە لە دەرەوە، دەگەڵ دەوڵەتەکانی سوسیالیستی و پتەوکردنی پێوەندیمان دەگەڵ حیزبە کوردستانییەکانی کوردستانی عێراق، بەشێک لەو تێکۆشانە بوو. بەم جۆرە وەزعێکی تا ڕادەیەک باشمان بۆ خۆمان پێک هێنا. پاش دوو ساڵان و لە ساڵی 1352 دا [1973]**لە بەغدا**

**کۆنگرەی سێهەمان** پێک هێنا، چونکە لە کوردستان بە داخەوە بارزانی ڕێگای نەدا لە هیچ جێگایەک ئەو کۆنگرەیە پێک بێنین."

کۆنفرانسی سێهەمی حزبی دێموکرات لە شاری کۆیە دەبەسترێ، ئەو شارەی کە دوایە دەبێتە پێگەی سەرەکی حزبی دێموکرات بۆ ماوەی زیاتر لە 37 ساڵ.

4 ساڵ دوای بەستنی کۆنگرەی سێهەم، بەو تەوسیفاتە کە قاسملو لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کردوویەتی، دەگەنە ساڵی 1356 [1977]کە ئاڵوگۆری سیاسی بۆ ڕووخانی ڕژیمی شا دەست پێدەکات و پەرە دەستێنێ، دیسان قاسملو دەنووسێ:

"بەم جۆرە گەیشتینە ساڵی 1356 کە جموجۆڵ لە ئێران دەست پێکرا. پاش جەریانی تەورێز لە زستانی ساڵی 56 من هاتمەوە عێراق و لە کوردستانی عێراق کۆبوونەوەیەکی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیمان کرد. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەوەی لە کادر هەمانبوو کۆمان کردەوە و مەسەلەکەمان هێنایە گۆڕێ. گوتم بە نەزەری من وەزعی ئێران لە گۆڕانێکی زۆر توند دایە. ئەو جەریانی تەورێز بە تایبەت نیشانی دەدا کە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە ئێراندا خەریکە دەست پێدەکاو فەرقی هەیە دەگەڵ شتەکانی پێشوو. پێشنیاری ڕوونم ئەوەیە کە بچینەوە ئێران. بەڵام **کۆمیتەی ناوەندی تەقریبەن هەموویان لە گەڵ ئەو پێشنیارە موخالفەتیان کرد**. لە **کەریمی حیسامی** ڕا بگرە هەتا **مەلا ڕەسووڵی پێشنماز** و **حەسەنی ڕەستگار** و **حەمەدەمینی سێراجی**، ئەو وەختە زستان بوو، کە بوو بە **هاوینی 57 دیسانەکە کۆمیتەی ناوەندی موخالەفەتی کرد**. ئەمجار پێشنیار کرا ئێمە کۆمیتەیەکی تایبەتی بۆ هاتنەوە دابنین کە سەلاحیەتی کۆمیتەی ناوەندی بدرێ بەو. "

ئەو وتانەی دوایەی دوکتور قاسملو بە ڕوونی دەریدەخات کە ئەو حزبە لە سەردەمی گۆڕانی ڕژیمی شاهەنشاهیدا، کۆمیتەی ناوەندییەکی کارامەی نەبووە کە بەرەورووی ڕووداوەکان بچێت. بە پەلە ئەو کەسانە کۆ دەکەنەوە کە هەیانبووە، لەوەش زیاتر ڕابەرایەتییەکی هاوبیر و هاوخەت و یەکدەستیان نەبووە، بە خۆیان و بە سێ هێڵی سیاسی جیاواز لەیەک و بە بێ بوونی تەشکیلات لە ناوخۆی وڵات، دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش زۆر درانگ و بە سەر وەزعەکەدا دەکەون.

**درێژەی هەیە....**